# کاسه که پر بوو لیی دەرژێتن

ئەحمەد دەشتی

لە مێژە کوردستان بە تایبەتی و تەواوی گەلی عیراق بە گشتی لە ژێر باری دکتاتۆریەت و کوشت و کوشتارو مال وێرانی دا دەژییێت و بە هەزاران کارەسات و نالەباری و شەڕو کوشن و بڕین و مال وێرانیان بە سەر ئەم گەلە کوردە هەژارو چەوساوەیە دا هێناوە و هەرچی کە خەراپەو خەراپەکاریە بە سەرخاکی کوردستانی ڕەنگینی ئێمەیان دا سەپاندووەو سالەهایە دوورین لە ئازادی دوورین لە ژیانێکی پڕ لە شادی و کامەرانی ودوورین لە بوونی هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و هەرچی کە ئەو دڕندانە لە دەستیان هاتووە بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد ئەنجامیان داوە ئەم هەموو وەرامانەو ئەو پرسیارانەی کە لە تەواوی خەلکی کورد و کۆچڕەوەکانی کە دژ بە سەدام لە کوردستان ڕاپەڕین و گەلی کورد بە تێکڕایی نەفرینی لەو ڕژێمە خوێن ڕێژەوە کرد لێرەدا چاوێکی پێ دەخشێنین و بزانین چی دەلێن.

لە هەر کوردێك و مرۆیەکی ئازادیخوازی تەواوی عیراقیش بپرسی سەدام کێیە؟ وەلامەکەی ئەوانەیە کە کە کۆچڕەوانی کورد بە ڕۆژنامە نگارانیان دەدایەوە ، کە ئەمەش وەرامی ژن و پیرو لاو مندالانی کورد بوو کە بە پێخواسی و بێ دەرەتان و بێ شوێن و جیگا لەنا و قوڕو چلپیاوی سارد و سڕی بەفراوی لە ناو دۆا و چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە پڕ بە دەم بە چاوێکی فرمێسکاوی و بە دلێکی گڕ لەژان و زۆر لێ کراو هەموویان بە یەك دەنگەوە تەنیا ئەمانەی خوارەوەیان لە بەرامبەر پرسیارەکانی ڕۆژنامەوانەکان دەر دەبڕی و دەیانگو :

ئەی نازانی کە مالیان بردم، ژینیان بردم ولە مێژە منی کورد بێ هەموو مفێکم و ڕژێمی سەدامی تالانیان کردم و لە ناو مال و حالی خۆشم دا دەریان پەڕاندم؟

ئەی سەدام نەبوو کە خاکی لێ داگیر کردین و گوندی سوتاندین و من کە چل سەر خێزان بووم تەنیا من ماومەتەوە ئەوانی تریان کەس نازانی کە چیان وەسەر هێنان؟

کامەیاسایێ لەم جیهان دا هەیە کە ڕێگە بەوە بداتن کە سەدام وامان بە سەر بێنی و بەو شێوەیە دژ بە مرۆڤ بێتن؟

ئەی تۆ نازانی کە سەدامی خوێن ڕێژ چی وەسەر کوردو کوردستان هێناوەو سالەهایە دەمان کوژن و وا ئەمڕۆش بەم دەردەی بردووین؟

تۆ وا بە چاوی خۆت ئەم کۆچڕەوە نابینی کە هەموو شتێکمان بە جێ هێشت و لە دەست سەدامی خوێن ڕێژو کیمیا بارانی ئەوا هەلاتووین؟ئاخر سەدام دکتاتۆرە خوێن ڕێژە مرۆ کوژە ، دڕندەیە .

تۆ نازانی کە سەدام خوێنڕێژترین مرۆڤەلەم ڕۆژگارە لە سەر ڕووی ئەم زەمینەداو گەورەترین جنایەتکارە؟

ئەی ئێوە نازانن کە هەر ئەم سەدامەبوو بەهەزاران مرۆڤی ئازادی خوازی لە سێدارە داو بە هەزاران کەسی لە ژێر باری گرانی زەبرو زەنگ دا شەهید کردو زندانەکانیان تەژی لە مرۆی ئازادیخوازە؟

هەر ئەو سەدامە نەبوو کە لەوەتی ڕژێمی ئێراقی لە گرتوتە دەست دژ بە کوردو کوردستان و هەموو گەلێ عیراق جنایەت و مرۆ کوژی دەکاتن؟

هەر ئەم سەدامە نەبوو کە لە مالی خۆمانی بێ بەش و دەربەدەرم دەکردین ساەهایە پەلامارمان دەداتن ؟

تۆ نازنی کە ئێمە لە کیمایای سەدام دەترسین چونکە بە کیمیا هەلەبجەی شەهید کرد ؟

ئێوە نازانن کە هەموو کوردێك و ئازادیخوازێك ئەم ڕژێمەی سەدام بە جنایەت کار دادەنێ؟

هەر ئەم سەدامەو ئەم ڕژێمەن کە گەورەترین دکتاتۆن و هەمووومان لێیان بێزارین هیوای لە ناوچونیان دەخوازین؟

تۆ نازانی کە سەدام و تەواوی ڕژێمەکەی بۆچی وامان بە سەر دێنن؟ئەی نازانن کە ئەوانە دڕندە ترین مرۆی ئەم سەر زەمینەن لەم ڕۆژگارە دا؟

ئەی تۆ نازانی چونکە ئێمە کوردین بۆیە وامان لێ دەکەن و دەربەدەرو وێلمان دەکەن و دەمن کوژن ؟

کامە دکتاتۆر لەم جیهانە داهەیەلە دوای هێتلەرەوە کە وەك سەدام خوێن ڕێژ و مرۆ کوژو ئاوای بە سەر خەلك دا هێناوە؟

هەتا کەی سەدام دەمینێ و ئاوامان بەسەر دێنێت و لە ترسی کیمیا باران بە دەستی ئەو خوێن ڕێژە هەل بێین و چەکە کۆمەل کوژیەکانی ئاوا زەندەقی خەلك ببات و جیهانیش بخاتە خەتەرەوە؟

www.kurdistannet.org

ئەی نالێن بە کار هێنانی کیمیا قەدەغەیە ؟لە کوێن مرۆ دۆستان و بەرگرکەران لە مافی مرۆڤ؟بۆ نایەن بەرگری لە گەلی کورد بکەن

ئەی سەدام بە بۆمبای کیمیا لە کودی دا و هەزاران کوردی بێ تاوانی لە بەرچاوی جیهانیان لە ناو نەبرد؟

هەتا کەینێ ئەم سەدامە دەمینێ و ئاوامان بە سەر دێنێ، خۆ مانەوەی سەدامی خوێن ڕێژ خەتەرە خەتەر؟

ئەی نابینی کە ئەم حەمکە ژن و مندال و پیرو لاوو هەموو مرۆڤێکی کورد لە دەست سەدام دا هەلاتووین و بەم حالە وەحشەتناکەی کە دەبینن بردین و ئاوای لێ کردین ؟

ئەی نازانی کە ئێمەش دەماونەوێ بە ئازادی بژین و خۆمان خاوەنی خۆمان بین و ئێمەش مرۆڤین خوێنمان سورە ؟

هەتا کەینێ هەر مال وێران و دەربەدەر بکرێین، لەناو خاکی خۆمان دا بێ مافی ژیان بین و خۆمان خاوەنی خۆمان نەبین؟

ئەی نازانن کە لە هەلەبجە چیان بە سەر هێناوین و هەلەبجەیان بە تەواوی لێ شەهید کردین و گازی خەردەل و سیانیان کە قەدەغە کراویشە لە جیهان دا بۆ کوشتنی کورد بە کار هێنا؟

ئەی ئێوەش نازانن کە سەدام خوێن ڕێژێکی زۆر دڕندەیە و مرۆ کوژە و بە هەزاران خەلکی لە ناو بردووە؟

هەر ئەم سەدامە نەبوو کە کوردی ئەنفال کردو بە هەزارانی لە بیابان و لە ناو چالە مەرگەکانیان دا بێ سەرو شوێن کردین؟

هەر ئەم سەدامە نەبوو هەشت هەزار بارزانی لە مال و مندالانی خۆیانیان جیا کردەوەو هەموو بە جارێك ون و شەهید کردن؟

هەر ئەو سەدامە نەبوو بە گازی خەردەل و سیانید و سارین شاری هەلەبجەی شەهید کردو بە هەزاران خەلکی بێ تاوانی ئەو شارەیان لە ناو برد و دارو بارد و هەموو بوونەوەرێکی ئەم شارەیان بە کیمیا خنکاند؟

هەر ئەم سەدامە نەبوو بۆ تاقی کردنەوەی چەکە کۆمەل کوژیەکانی زۆر بە دڕندانە لە ناو کارخانەکانیان دا گیانی مرۆڤی کودیان دەکردە قوربانی؟

هەر ئەو سەدامە نەبوو کە سەدان هەزار گوندی کوردی بە خاك یەکسان کرد و هەرچی بوونەوەرمان هەبوو لە هەمووی لە ناو بردو خاپوری کردن؟

هەر ئەم سەدامە نەبوو ئاوی کانی و جۆگەو ڕوبار و ئەشکەوتەکانیشی خنکاندین و دارو بەردیشی لە ڕیشەوە دەرهێناین؟

هەر ئەم سەدامە نەبوو کە کوردستان و تەواوی عێراقی کرد بە گۆمی خوێن و بە هەزاران لاوی لە ناو برد و ڕەزو باغ و گەرمیان و کوێستانەکانیش لێ خنکاندین ؟

هەر ئەم دکتاتۆرانە نەبوون کە لە ناو زیندانەکان و ژێر سێدارەکانیان دا بە هەزاران ڕۆلەی کورد و ئازادیخوازی عێراقیان لە ناو بردو بێ سەرو شوێنیان کردن؟

هەر ئەو فاشیە نامەردانە نەبوون، شەو هێرشیان دەکردە سەر مال و مندالی خەلك و گڕیان لە تەڕو وشك بەردەدا؟

هەر ئەو پیاو کوژانەی سەدام نەبوون کە ئەو هەموو کارەسات و مال وێرانیانەیان بە سەر کوردستان و تەواوی عێراقەوەدا دەهێناوە؟

هەر ئەو سەدامیانە نەبوون کە هەموو شوێنە پیرۆزەکانیان دایە بەر گوللەو تۆپ و تانکەوەو ڕەش کوژیان دەکرد؟

هەر ئەو ڕژێمەی سەدام نەبوو کە بە هەزاران هەزار فەیلیەکانیان لە ناو مال و حالی خۆیان دەرکردو لە هەموو شتێکیان بێ بەش کردن؟

هەر ئەم مرۆکوژانەی سەدامیان نەبوون شەوو ڕۆژ کوردستانیان بۆردومان دەکردو ژن و مندال و لاوو پیرانیان لە ژێر بۆمبا ناپالمەکانیان دا پارچە پارچە دەکرد؟

هەر ئەو سەدامیانە نەبوون کە بە سەدان تەن باروتیان بە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان دا دەباراند؟

هەر ئەو سەدامیانە نەبوون کە بە سەدان کارەساتیان بە سەر گەلی کوردو عێراق هێناوە؟

ئەی هەر سەدام نەبوو کە ئەنفال و کیمیا باران و ئەو هەموو شەڕوو شۆڕ و مال وێرانیان بۆ گەلی کورد وەدی هێنا؟

هەر ئەو سەدامە نەبوو کە هەشت سال شەڕی بە سەر گەلی عێراق و ئێران دا سەپاندوو نزیکەی یەك ملیۆن مرۆڤیان بەو شەڕە گەورەیە لە ناو برد و بوە هۆکاری وێرانی و ئاوارەبی هەزاران مرۆڤ؟

هەر ئەو سەدامیانە نەبوون کەوەلاتێکی دان پێ هێندراوی وەك کوەیتیان داگیر کردو ئەو هەموو وێرانی و کوشت و کوشتارەیان وەدی هێنا بە ملیاردا دۆلا زیانیان بەو گەلی عێراقو کویت گەیاند؟

هەر ئەو سەدامییانە نەبوون کە دەریاشیان ئاگر تێ بەرداو بە هەزاران گیان لە بەریان خنکاندو هەوای ئەو هەموو ناوچەی کویت و ئێران و عێراقیشیان ئالوودە کردو تەنانەت ئاژەلانی دەریاییشیان خنکاندن؟

هەر ئەو سەدامیانە نین کە مێشکی لاوان دەشۆنەوە و فێری خۆ تەقینەوەیان دەکەن و بە دەها خەلکی بێ تاوان دەکوژن؟

هەر ئەم سەدامە نین هۆکاری ئەم هەموو وێرانیانەو کوشت و کوشتارانەی کە ئەمڕۆش بە سەر گەلی عێراق دا هاتووە ؟

هەر ئەم سەدامیانە نین کە هۆکاری هاتنی زل هێزەکانن وخۆیان و گەلی عێراقیان توش بەو هەموو مال وێرانیە کردووە؟

زۆر جێگەی داخە کە گەلی لە عەرەبەکان و خەلکانی تری ئەم جیهانە بەرگری لە مانەوەی سەدام دەکەن و ئێستاش دلیان بۆ ئەو دکتاتۆرە فاشیە لێ دەدەاتن و بە خەیالی خۆیان سەدام جارێکی تر دەتوانێ ئەم هەموو جنایەتە ئەنجام بداتەوە ، بەلام تازە کار لە کار ترازایەو سەدام دەبێ بڕوات و ئەوسا بە هاتنی ڕژێمێکی دیموکراتی و پڕ لە ئاسایش ئێمەی کوردو تەواوی گەلی عێراقیش ئاسودە ئارام لە ناو مال و حالی خۆمان دا دەژین .

بەلی گەلێ ڕاستە هۆکارەکانی ئەم هەموو کارەسات و مال وێرانی و کوشت و کوشتار و نەبوونی دیموکراتیەت ودان نەنان مافە ڕەواکانی گەلی کورد و هەموو کەمە نەتەوایەتیەکانی کە لە سەر خاکی کوردو عیراق دەژین و هەستی گلاوو ملهوڕی ئەو سەدامە دکتاتۆرە کە ماوەی نزیکەی چل سالە بە سەر خەلکی عێراق داسەپاوەو ئەو هەموو جنایە ت و کوشت و کوشتارەی لە گەلی لە ژێر سایەی ڕژێمی سەدامی دژ بە گەلی عێراق کراوە بە هەزاران کارەسات و دەردی براوین و ئەم هەموو زولم و زۆرداری و جنایەتانەی سەدام گەیشتۆتە ئەو پەڕی و دەبێ هەر لە ناو بچێت و ئەم زولم و ناڕەوایی کردنەیان وا گەیشتۆتە هەوکیان و زۆریان نەماوە کەبیان خنکێنێ و ناوی خەلیسیان دەکەوێتە زبلدانی مێژوووەو وەك هەموو دکتاتۆرەکانی ئەم جیهانە دەبن بە پەند و هەزاران تف و نەفرینیان لێ دەکرێتن تازە بۆ کوێ دەڕۆن واجنایەتەکانیان قورگیانی گرتووە و تۆلەی ئەم هەموو زولم و زۆرداریەیایان وا خەریکە لێ دەبێتەوە و ئەمجارە گەلی کوردو تەواوی گەلی عێراق و هەموو ناوچەکەش ئاسودە دەبن و ئاشتی وئاسایش و ژیانێکی پڕ لە ئازادی و دیموکراتیەت و خۆشی لە دوای ئەم دکتاتۆرەوەیە و گەلێ ڕاستیات گوتووە کەدەلێن **کاســـە کە پڕ بوو لێی دەڕژێتن.**

---

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لـە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣